سەعدی پیرە: برادەران وەک ڕەئوفییان لێهاتبوو هەر کەسیان دەهێنا یا عەرەب یا خەڵکی ڕۆژئاوا دەردەچوو

سەعدی پیرە: برادەران وەک ڕەئوفییان لێهاتبوو، هەر کەسیان دەهێنا یا عەرەب یا خەڵکی ڕۆژئاوا دەردەچوو.

سەعدی پیرە لە میانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی ئەمڕۆ دووشەممە لەبارەی جموجۆڵەکانی پارتی لە هەولێر لە ڕۆژی 31ـی ئاب کردییان، ڕایگەیاند، "پێمان سەیربوو برادەران لە ڕۆژی 31ـی ئاب ئەو جموجۆڵەیان هەبوو، بەڵام وەک ڕەئوفییان لێهاتبوو، هەر کامەکیان دەهێنا یا عەرەب دەردەچوو، یا خەڵکی ڕۆژئاوا.

شایەنی باسە...

ڕۆژی 31ـی ئاب، ژمارەیەک لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پشتیوانی لە حیزبەکەیان لە بەردەم مەکتەبی سیاسی یەکێتیی لە هەولێر کۆبونەوەو میدیاکانی ئەو حیزبەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕووماڵی ئەو چالاکییەیان کرد، بەڵام کاتێک یەکێک لە پەیامنێرەکان ویستی پرسیار لە چەند لایەنگری پارتی بکات، ئەو کەسانە وتیان کە عەرەبن و زمانی کوردیی نازانن، بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ دوبارە لایەنگرانی پارتی لەبەردەم قەڵای هەولێر کۆبونەوە، دووبارە لە پەخشی ڕاستەوخۆ یەکێک لە لایەنگرانی پارتی وتی من خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانم.

مەبەستی سەعدی پیرە لە بەکارهێنانی دەستەواژەی عەرەب و ڕۆژئاوا ئاماژە کردن بوو بە ئەو دوو ڕووداوە، لەهەمان کات بەکارهێنانی دەستەواژەی ڕەئوف، مەبەستی ئەو دەستەواژەیە بوو کە لە سەشیال میدیا کورتە تەمسیلییەکی کۆمیدی هەیە کە یەکێک لە ئەکتەرە کۆمیدییەکان بانگی ئەکتەرێکی دیکە دەکات و پێی دەڵێت "ڕەئوف حەیامان چوو یا نا؟" ئەمە بووە بە ترێند لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. سەعدی پیرە بە بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانە ئەم کارانەی پارتی بە حەیاچوون ناوبرد کە لە بەرامبەر حیزبەکەی یەکێتیی کردوویەتی.